ئەزمـــــوونی حکـــــومەانی و هەوەســـتەیەک لەســـەر پرســـی ڕیفراندەم لە کوردستانی باشوور

ڕیفراندەم و پرسی ڕیفراندەم باسکی گەرمە بەتایبەت لە ئاستی دەسەاتی سیاسی ومیدیاو تاادەیەکیش کەمەگا اکشراوەتە ناو ئەو باسەو لە باشوری کوردستان، بەیە دەنگکان بە باشی زانی سبارەت بەو پرسەو زەمینکانی، سیمنارک بە بەەز **کاوە جباری** ساز بکات لە شاری تەرەنتە لەژەر سەردەی :
ئەزموونی حکومەانی و هەوەستەیەک لەسەر پرسی ڕیفراندەم لە کوردستانی باشوور

"فاولکانی" مەسعود بارزانی ... شاخەوان شەش

لەو وتاردا هەروەستەیەکی کورت لەسەر هەندە لەو خاە گرنگانە دکەین کە لە دواین سەردانی سەرکی پارتی و نونەری هەندە لایەن بە برکسل لەسەر پرسی ریفراندەم هاتنەو بەرگوتن.
سبارەت بە ڕەخنەی یەکەتی ئەوروپا، پەشتر نونەری یەکەتی ئەوروپا پەیان گوت: ریفراندەم ئەوها یەکلایەنە خراپە و پەویستە لەگە بەغدا کشکان چارسەر بکەن و بە پەی دەستور ەکەون. مەسعود بارزانی ئەو ئامەژگاریەی ئەوانی پە باش نەبوو و گوتبووی "دژی خواستکانی خەکی کوردستان مەوەستنەو". ئەو لە مەبەستیان نەگەیشتووە، وەامکەی چوتە، چونکە ئەوان نەیانگوتووە دژی سەربخۆیی کوردستانن. جگەلەوەی ئەو ریفراندەمە لەبەر خواستی خەک سەری هەندداوە، هەروکو ئەوان هەرگیز گوەیان بە خەک و خواستکانی نەداوە، ئەگەر گوەیان لە خواستی خەک بگرتایە لە ٢٠٠٣ دا پرسیان بە خەک دکرد و نەدەچوونەو بەغدا.

لە ١٢ ی مانگدا ئەو سەرکایەتی شاندەکی شەق و شەی کرد و چووە بەرکسل، لەنێو گوتنەکانیدا مەسعود بارزانی دەڵێت: "ئەگەر پشتگیریشمان ناکەن ئەوا لانی کەم بەڵایەن بن!" . گوتنەکەی چەوت و هەڵەیە، چونکە یەکەم ئەو هەڵەی یەکەم دووبارە دەکاتەوە و سووڕ لەسەری. ئەوەش بۆ ئەوروپیەکان زیری وێنە ناکات، بەڵکو سەیردەکەن ئەو پیاوە لە ئامۆژگاریەکەی ئەوان ناگات و پەداگری لەسەر گوتن و هەنگاوی چەوتی خۆی دەکات. ئەوان سەیردەکەن کەسێک کە نادیموکراسیانە درێژەی بە دەسەڵاتی خۆی داوە و خۆی سەپاندووە، مەترسیەکانی سەر کوردستان و خەڵکەکەی بەهێند هەژمار ناگرێ. بۆنیگەرانیەوە زەنگی مەترسی داهاتوویەکی کارەساتئامێزی نەخوازراو لە پێشبینی ئەواندا لەدەدات.

دەسەڵاتدارێ گرنگەکان لەوانە ئەمریکا ناتەبایی خۆی پێشتر لەسەر ریفراندەم لەسەر سەربەخۆیی راگەیاند. مەسعود بارزانی گوتی 'ئەمە لە بەیارەکەمان هەرگیز پاشگەز نابینەوە". دووبارە لە برکسل هەمان شتی دووبارە کردەوە. ئەمریکا لەلایەن خۆیەوە دووبارە هەشداری دەدات، کە ئێراق پێوستی بە ئارامبوونەوە و سەقامگیری هەیە، ئەو هەنگاوە دەبەتەهای تەکچوونی ئارامی لە ئێراق و دەوروبەری. ئەو پەداگریە چەوت و هەڵەیە، چونکە ئەگەر ئەمریکا پشتگیری پرسەکە نەکات یا دژی بوەستێت، کوردستان ناتوانێ سەربەخۆ بێت. سەبارەت بە ئێراق، ئەمریکا دەسەڵاتی یەکلاکەرەوەیە. رەکراگری و ئاسایشی رژهەڵاتی ناوەڕاست بە ئەمریکا و رژئاوا پرسی لەپێشن، ئەگەر ببینن باری ئێستا بە هەی راگەیاندنی سەربەخۆیی خراپتر دەبێت، نەک هەر لایەنگری نابن، بەڵکو ڕێگەشی پێدەگرن.

هەموو گوتنەکان لەسەر ناتەبایی و ناکەکی لەگەڵ گەلان، ئاماژە بە شەقبوونەکی کوشندە لە کەمەلگەی کوردیدا دەکەن، ئەوەش تەنها بە خراپ بۆ ئەو کە خۆی وەکو سەرکی کورد سەپاندووە دەگەێنێتەوە. ئەو گوتنانە هەڵە و هەنگاوە نادیموکراسیەکانی ئەو بیر ئەوروپیەکان دەهێننەوە، ئەوەش دووبارە لەدەستدانی متمانەی ئەوروپیەکانە بەو. لای ئەوروپیەکان دەسەڵاتی رەوا ئەو دەسەلاتەیە، کە پشتگیری خەڵکی هەبێت، پەرلەمانی هەبێت، حکومەت و ئێپۆزیسیۆن هەبێت، سوپای نیشتیمانی هەبێت، مافی مرۆڤ ڕێزی لێبگیرێت و ئازادی مرۆڤکان لە کەمەگەدا هەبن، هەڵبژاردن بۆ دواکەوتن هەبێت و ئاووهوای دەسەڵات هەبیت. ئەوانە هەموویان لە ئێستادا بزرن. بنەماگرنگەکانی دەسەلاتکی رەوا نین، یا لاواز و شەق و شۆن، بەمجۆرێ بنەما

گرنگەکانی ستات ئامادە نین.

گوتنی ئەوەی کە "گەلان شتێکی دژی داعش نەکردووە" فاولێکی کوشندەیە و گەلێ لە خەڵک دەکەن! ئەو خەڵکی بە ئەوروپیەکان دەڵێن، ئیمە سوپای نیشتیمانیمان نییە! هێزەکانی ئێمە هێزی میلیتس و حزبین و هەر حزبێ لەسەریەتی هێزەکانی خۆی بنێرێ و شەڕبکات. ئەوەی ئەو شانازی پێوە دەکات، لای ئەوروپیەکان رەتکراوەیە! چونکە لە ئۆگەری دەسەڵاتی ڕەوادا حزبی چەکدار قەدەغەیە. لە ئۆگەری بوونی سوپای نیشتیمانیدا وابەستەیی حزبی بەلاوەدەندرێت و هێزی سەربازی وابەستەی حزب نابێت. بەرگری نیشتیمانی پێویستی بە بوونی سوپای بەهێزی نیشتیمانی هەیە، ئەو خۆی پێی گوتن نیمانە.
مەسعود بارزانی دەڵێ، بەدرێژایی مێژووی ئێراق کورد چەوسێندراوەتەوە، کەمەکوژکراوە، تاوانی ژینۆسایدی ئەنفال و هەڵەبجە و بارزانیەکان و فەیلیەکان ئاماژەیان بە دەکرێت. هەموو کوردێکی ئازادیخواز ئەو راستیانە دەزانن، دەسەڵاتدارانی جیهانیش ئەوە دەزانن، ئۆگەر ئێنگە ئەوەتان دەزانی بۆچی لە ٢٠٠٣ دا چوونەوە ژێر سەرداری ئێراق، لە کاتێکدا بزوتنەوەیەکی خەڵکی سەرتاسەری داوای لێکردن ریفراندەم لەسەر چارەنوس بکەن و مەچوونەوە بۆغدا!؟ ئۆگەر چوونەوە بۆغدا، بە مافی چارەنوستان نەکردە بەندێک لە دەستوری ئێراقیدا!؟ ئەو خۆی دەستوری ئێراقی بە ئەو مافە مەرکرد. بە گوێگرتن لە ڕەخنەگران لەکدانەوەیەکی چەوتی هەبێزارد و بەدوای کەوت، کە لەو خاڵەی خوارەوەدا هاتووە.

ئەو دیسان ئاماژە بە دەستوری ئێراقی دەکات و دەڵێ لە دەستوردا نوسراوە "ئۆگەر لایەنەکان ملکەچی دەستور نەبن و بڕیارەکانی دەستور ڕانەگیرێت، ناتواندرێ وەک بە یەکگرتوویی بمێنیتەوە". لێرەدا دووخاڵ گرنگە ئاماژەیان بۆ بکرێت: یەکەم: ئەو کە دەستورەکەی مەرکرد ئاماژەی بەو ڕستەیەی دەستورکرد و کە مافی چارەنوس لەکیدایەوە و گوتی بە ڕوونی مافی چارەنوس لەدەستوردا نوسراوە. ئەستاش ئاماژە بەو ڕستەیە دەکاتەوە و هەمان لەکدانەوەی هەڵە دووبارە دەکاتەوە. ئەو خاڵە واتای مافی چارەنوس ناگەیەنێت، جگە لە خۆی و لایەنگرانی کەسیتر ئەو ڕستەیە والێکناداتەوە. کاردانەوەکانی ئێراق لەمبارەیەوە ئەو تێگەیشتنە ڕەتدەکەنەوە. ئۆگەر مافی چارەنوس لە دەستوردا هەبوایە، دەنوسرا کەوا کوردستان مافی چارەی خۆنووسینی هەیە و دەکرا ئاماژە بە کاتی ئێنجامدانکەش بکرێت. ئەوە لەدەستوردا نییە. من کاتی خۆی لەکاتی دانوستانکاندا پێش و دوای پەسندکردنی دەستور لەسەر ئەو خاڵەم نووسی. دووەم:

دەڵێ "ئۆگۆر لایەنەکان ملکەچی دەستور نەبن"! لە ئەراقدا لایەنە سەرکیەکان بەپێی بەرژەوەندیەکانیان هەڵسوکەوت دەکەن. کەس دەستور ناخوێنێتەوە، ئۆگۆر پێویستکات ئاماژەی بە دەکەن. راستە لایەنەکان ملکەچی دەستور نین، بەڵام ئەو خەی یەکە لەو لایەنە گرنگانە بووە کە پشتڵی ئەو دەستورەی لە هەمووان زیاتر کردووە کە خەی مەری کردووە. لە فیدرالیدا حکومەتە ناوچەیی یا هەرێمیەکان لەهەموو ئەو پرسانەی پێویدنیان بە سەرەوری ستاتۆ هەیە ناسەربەخۆن، بەکو دەسەڵاتی ناوەندە خاوەنی دوا وتەیە. بەنمونە سەبارەت بە کۆنتراکتە سەربەخۆکانی نەوت، پێویندیەکانی بە وڵاتانی دەرەوە بەپرسی بەغدا، هەنای سوپای تورکیا بە پرسی بەغدا هتد. هەمووی پشتڵکارین لە دەسەڵاتی ناوەند، کە ئەو خەی پشتر رزامەندی ملکەچی خەی بە دەربیووە. هەبوونی مافی چارنوس لە دەستور زەر گرنگ و یەکلاکەرەوە بوو، بەڵام کە ئەوە نەچەسپێندرا، ئەو چەکە دراوەتە دەست ئەراق دژایەتی هەر جوانەوێک بکات کە ئاراستەکەی جیابوونەوێە.

لە کۆتایدا پێویستە بگوترێت، کە لە ئۆگۆری بوونی دەسەلاتی بەهێز و رەوادا، دەسەڵاتێک کە خاوەنی بنەما بنچینەیەکانی ستات بێت و خاوەنی سوپایەکی بەهێزی نیشتیمانی بێت، دەسەڵاتێک کە خاوەنی بڕیار بێت و سەرەوری خەی پاراستبێت، دەکرێ ئەو بەهێزیە پاێنەری سەرکی هەنگاوی سەربەخۆیی بێت، لەکاتێکدا کە مەترسی دەرکیش هەن. بەڵام باشوری کوردستان ئەوەشی نییە، مەترسیە دەرکیەکانی زەر بە کراوەیی هەن، نەک هەر ئەوە هەڕەکانی سوپای تورکیا لە باشوری کوردستاندا بوونیان هەیە، سوپای ئەران بەپێی ئاڕزووی رامیاری و سەربازی خەی دێت و دەڕوا. دەزگای هەواگریەکانی تورکیا و ئەران خزاونەتە ناو جەرگەی کۆمەڵگەی باشوری کوردستان. ئەوجا ئەوەی خەیان هەناویانە یا بەسەریاندا سەپێندراوە، یانیش لە ژەر ناوی دیکەدا و بەنهەنی کارەکانیان ئەنجام دەدەن. هەموو بینیومانە لەسەر کێشەی نەوانیان چوونەتە تاران و ئەنقەرە، داوای پشتگیری و یارمەتیان لەوان کردووە.

14-7-2017

بورجۆك كه خۆی هەر لار بوو! … جەمال موحسین

كاتێك ئەو مرد، وتیان بورجی كاریزمایەك ڕووخا، بۆیە ئاسمانیش گریا. من لە ١٤ ی تەموزی ٢٠٠٠ دا كزە لە جەرگی دایك و باوك و خوشك و برام و كەسوكاری دەسزم و خەم و هی هاوڕێیانەكیش كە لەگەڵ شێخ عەبدولدا لەناو جەرگەی شاری سلێمانی گوللەباران كران هات و لە ڕووی هەستەوە تاڵی زڕمان چەشت. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، ئەوانەمان كە سیاسەت ئەكەین، هاوسەنگی سیاسیمان لە دەستنەدا و درێژەمان بە كار و خەباتی خۆمان دا. كەسێك كە بە مەرگی نەوشیروان مستەفا دەتەنگ و غەمبارە، لە ڕووی هەستەوە مافی خۆیەتی بەڵام با لەپاڵ ئەو "كێست"ەدا كە لێی كەوتووە بڕێك تەحەمولی هەبێ بێ بیستنی قسە و ڕەخنەی سیاسی لەسەر ئەو كاراكتەرە سیاسیە و بزووتنەوەیەك كە پاڵی پێوەداوە. با چ ئێمە و چ ئەوان لێرەدا هەست بخەینە لاوە و بە لێجیكی سیاسی مامەڵە لەگەڵ ئەم مەسەلە سیاسیەدا بكەین، جا چ بە قبوڵكردن یان ڕەتكردنەوەی ئەم ڕەخنەیە بێ.

كارەساتی ١٤ ی تەموزی ٢٠٠٠ كە هەموو خەڵكی كوردستان (بەتایبەت ئەو نەوەیە) ئەیزانن و ڕەنگە هەندێكیش گەواهی بەشێك لە ڕووداوەكە بدەن، ڕوون و ئاشكرایە كە بە سەرپەرشتی و بەرپرسیارێتی نەوشیروان مستەفا و بەیاری سەركردایەتی یەكێتی بەڕێوەچوو. ئەوانەشی خەڵكی شاری سلێمانی نین و نەیانبینی یان نایزانن یان تەمەنیان ئەو كات ڕێی پێ نەدان و ئەم مژووەیان لێ شاردراوەتەوە، لانی كەم با ئەمە بزانن:
دوای هەڵبژاردنی شارەوانیەكانی سلێمانی و دەوروبەری لە ساڵی ٢٠٠٠ دا كە حزبی كۆمۆنیستی كرێكاریی بەشداری تیا كرد و كاندیدی بەرچاومان هەبوو وە ئەمەش دەنگدانەوەی باشی لەناو جەماوەردا هەبوو، حزب لە ئەنجامەكانی هەڵبژاردن ناڕازی بوو وە بە بەیانێكی سیاسی ناوەڕۆكی نائازادانەی هەڵبژاردنەكان و ئەو هەموو ساختەكاریەی تیای ڕوویدا خستەڕوو و ڕاپۆرتی كۆتایی لەگەڵ حزبەكاندا واژۆ نەكرد و دانی پێدانەنا. ئەم سیاسەتە و هاوكاتیش سیاسەتی ڕادیكاڵانە و پشتەوانەی سەبارەت بە ژیان و دۆخی خەڵكی كرێكار و زەحمەتكێش و سەربەخێیی كوردستان و یاسای یەكسانی ژن و پیاو بوونە مایەی ڕقهەستانی یەكێتی نیشتمانی كوردستان، كە ئەو كات نەوشیروان جێگری سكرتێری بوو. لە مانگی ٣ ی هەمان ساڵدا بە

ئیمزای نەزەری عەلی ئەکبەر، کە ڕاوێژکاری یاسایی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی بوو، ڕسوانامەیەکیان "دەعوانامەی یاسایی" لە دژی حزب دەرکرد کە خاڵە سەرەکیەکانی سەبارەت بەوە بوو کە ئەم حزبە داوای سەربەخۆیی کوردستان ئەکات و ئەمەش لەگەل یەکپارچەیی خاکی عێراقدا نایەتەوە و ئەم حزبە داوای یەکسانی ژن و پیاو ئەکات ئەمەش لادانە لە شەرع و دەستوری عێراق. وە سێ کادری لێ زیندانی کردین.

بەڵام ئەم دەعوانامەیە زۆر لە ڕسوا ڕسواتر بوو لەوەی لایەنگری بێ پەیدا ببێ و لە ڕووی سیاسی و کۆمەڵایەتیەوە یەکێتی تووشی شکستێکی گەورە بوو. تاکو وەکو مارێکی سێ خۆی هەڵگرت بێ جێبەجێکردنی پیلانی سەقڵی بەعس کۆماری ئیسلامی ئێران_یەکێتی. پلانێك کە شەخسی نەوشیروان سەرپەرشتی کرد، بە پشتیوانی سەرکردایەتی یەکێتی، و لە هەفتەی یەکەمی مانگی تەموزی ٢٠٠٠ دا بارەگاکانی حزبی گەمارۆدا و ئاو کارەبا و هێڵی تەلەفونی لێ بڕی، چەندین هەڤسۆاو و خۆزان و کەسوکاری ئەندام و کادرانی حزب کە بێ بەسەرکردنەوە ئەهاتن بێ بارەگاکانی دەستگیری کردن و تەقەی لە خۆپیشاندان ئەندامان و لایەنگران کرد و...هتد. لە کاتێکدا کە وەفدی باڵای حزبمان لەگەڵ شەخسی خۆی دانیشتبوون، هاوڕیانمان کە لە بازاڕەوە خواردنیان کڕیبوو و ئەیانهێنایەوە بێ بارەگاکان لەبەردەم ئەمنە سوورەکەی عەقاری کەوتنە کەمینیانەوە و چواریان لێ کوشتن و هاوکاتیش بە قەناس یەکێك لە پاسەوانەکانی کۆمیتە ڕابەریان کوشت. هەر لەو کاتەدا حەریقیان هێنابوو بە پەلە جادەوبانی بە خوێنی هاوڕیان سووربوویان شتەوە و تەرمەکانیان بردە پزیشکی دادوەری، بەڵام نەیانهێشتبوو یەك لاپەڕیان لەسەر بنووسرێ و تەرمەکانیشیان نەدایەوە بە کەسوکاریان. هێشتاش کەوتنە هەڕەشە لە خێزانەکان و هاوڕیان کە گەر خۆپیشاندان ساز بکەن لە خوێنی هەڵئەکێشن و کارەساتی زیاتر ئەخوڵقێنن. لە کاتی پرسەکانیشدا دەوری ماڵەکانیان بە هێزی چەکدار تەنی بوو و تەنانەت کەوتنە تەعقیبی کەسانێك کە ئەوان پێیان وابوو سەرلەقە ئەکەن... تا ئێرە با بەس بێ و بەگەنامەکان هەمووی لەسەر وێبلاگی حزب دەست ئەکەوێت (http://www.hkkurdistan.org). ئەوان بەم ڕەفتارە ویستیان بەر بە هاتنەمەیدان و گەورەبوون و بەهێزبوونی کۆمۆنیزم بگرن کە لەسەر وەتەری هەژاری و برسێتی و بڵماڤیەکانی خەڵك ئاوازی شڕش و دەسەڵاتگرتنی کرێکارانی و خەڵکی بڵبەش ئەژەنی.

ئەمە مێژوویەکی زۆر دوور نییە و تاوانکاری ١٤ ی تەموز کە

ڕاستەوخۆ نەوشیروان دەستی تیا هەبوو، یەکێتیش دواتر کە لێیان بوو بە "ئۆپۆزسیۆن" لێی کەوتنە تەقە و لە تەلەفزیۆنەکەیانەوە بە "تیرۆریست ناوبران" (https://www.youtube.com/watch?v=dObWcMCzHpk&feature=share).
جا با جارێ دووڕوویی سیاسی یەکێتیش لەولاوە بوەستێ کە ئێستا ئەم "پیاوە تیرۆریستە" بەو "پیاوەی دوای مردنی لە دایك بوو" ناوئەبرێت (http://www.gksat.tv/details.aspx?jimare=42861&cor=Kurdistan).
بە جیالەوەی کە تا کاتێکیش لە ژیاندا بوو ئەمە هەخنەی سیاسی خەمان لەو زاتە نەشاردۆتەوە، بەڵام مەرگیشی وامان لێ ناکات دەستمان بلەرزێ قسەی سیاسی و هەخنەی سیاسی لەو کەسە کە سەربە بزووتنەوەی ناسیۆنالیزمی کوردە بخەینە بەردەم جەماوەر، چ بەوانەوە کە لایەنگری هەسمی و ناهەسمی ئەو بوون و هەن و چ خەڵکێکیش کە لە خۆشەیاڵی یان بۆبەدیلیەوە جادوی ئەم کاریزمایەیان لێکراوە. جا دووبارە تەحەمولتان هەبێ و با چەند لاپەڕەیەکی کەمی مێژووی دوور و نزیك هەڵبدەینەوە.

ئاوەڵکی کورت لە مێژوو

لە کەس شاراوە نییە کاتێك ئەو حزبانە لە شاخ بوون جێگاوەڵگای پێشمەرگەیەکی سادە و سەر بە خێزانی هەژار و کرێکار و زەحمەتکێش جیاواز بوو لە هی سەرکردەکانیان. ئەمانەی دوایی لە شوێنی گەرم و بەرگی پێشتە و ئیمکانیەتی باشدا نوقم بووبوون. هەرچی پێشمەرگە سادەکانیشە پێستیان بە سەرماوسۆڵەی زستان و قرچەی گەرما سووتاو و وشکەتاوو بووبوو. ئەمە مەسەلەیەکی بینراو و هەستپێکراو بوو بەڵام لەبەر بوونی دوژمنی دێندەی بەعس سەرنج لەسەر ئەم قێشتە دورخرابۆوە و ونکرابوو. هاوەڵێیەك کە کاتی خۆی سەر بە کۆمەڵە بووە و چەند گەنجێك بوون ڕادیکاڵتر و ڕوانگەی چەپیان هەبووە و نەیار بوون بێ سیاسەتی باوی کۆمەڵەیە، گەڵایەوە کە بانگ کراون بێ لای نەوشیروان دیارە بە مەبەستی لێپرسینەوە لەو بڕیارەیان. کە چوونەتە ژوورەوە بینیویانە لە خانوی گەرم وگوڕدایە و بەبەشیش نییە لە ویسکی خواردنەوە و جگەرەی ڕەسمان کێشان. بەڵێ ئەو ئاوها لە مەیدانی سیاسەتدا بووە و هێشتاش محاسەبەی ئەمانی کردووە کە بڕیاری لەگەڵ کۆمەڵەدا ئەکەن. ئەو هەرچەندە جلی کەتافی و پاتەی لە پێدابووبێ، لەو ڕاستیە کەم ناکاتەوە کە بەشوێن بەرژەوەندی چینێکی تەوە بووە و وەك خۆشی دواتر دانی پێدانا هەرگیز مارکسی نەبووە. خۆهەڵواسینی ئەو بە مارکس یان

چەپگەراییەوە لەوەوە سەرچاوەی گرتووە کە ئەوەم بزووتنەوەی چەپی بەرژوازی وەك مەدیلەك باو بووە ئەو ئایە لە ئامانجە شاراوەکانیەوە بپچڕ. لەلایەکی تریشەوە بە سەرکردەیەکی پێپلیستی وەك نەوشیروان ئەوە سەیر نییە بە سەروچاوی خاوی و پاتەلاسیکەوە خەی نیشان بدات تاکو مەرامی تر بەرتە پشەوە. بەوانامەی ئەندازیاری مفاوەزات هەر لەگەڵ ئەو بەعسەدا کە دوژمنی پشمەرگە هەژارەکان بوو بەشکی بەم کەسە ئەبات. مەگەر بزووتنەوەی گانیشی بە هەمان مەبەست نەبردە نێو کانە تەسکەکانی هەژارانەوە تا بییکات بە دیوەخانی دەسەاتی بەرژوازی کورددا؟ دواتر دەمەوە سەر بزووتنەوەی گان. تا ئێرە بە کورتی کە چەن لە کەمەگای کوردستاندا دەرکەوتنی چینەکان لەوکاتەدا لە شارەکاندا مەیلی چەپ و چەپگەرایی بەهێزکردبوو، بەرژوازی کورد ئەیویست تای تەرازووەکە بەلای خێدا سەنگین بکات و چەپیش هەوڵی ادیکاڵکردنەوەی ئەدا. بە بەرژوازی بوونی ''سەرکردەی خاکی'' پێویستیەك بوو تا بتوانێ ئەو کارە بکات. دەرکەوتنی باوبوونەوەی موك و ماەکانی لەم دواییانەدا و گواستنەوەی پشکەکانی بە بنەماەکەی پوچی ئەو دیعای خاکی بوونە بە شنی دەرئەخات.

کەمك لەوەش واوەتر بین ئەتوانین بپرسین چنە ئستا کەس نە لەناو یەکتی و نە لە شونکی تر باسی تەوروەشاندنەکەی جەبار فەرمان و پلانەکەی نەوشیروان لەو کاتەدا ناکات لە دژی وریا؟! هەر ئەو کاتە و لە شاخ نەوشیروان چی بە مەلا بەختیار نەکرد؟ ئاشکراترین و دیارترین مەسەلە کە خوقاندنی کارەساتەکانی قناقا و پشتئاشانە و تا ئستا چەندین بەگە و بابەت لەسەریان باوبتەوە کە بەسەرکردایەتی نەوشیروان ئەنجامدراوە. زر بەکورتی و لەزر شون تمارکراوە: کاتك کە چەند ژکی کەم تپەیبوو بەسەر کەوتنی یەکتی و حزبی شیوعیدا لە سای ۱۹۸۳ دا، و لە یەکی ئایاردا هزکی پشتەوپەرداخی یەکتی کە وەك شایەتحاەکان ئەیگنەوە لەبەرئەوەی یەکتی کەوتنی کردبوو لەگە بەعسدا، داویانە بەسەر ئەو ناوچانەی کە بارەگاکانی حزبی شیوعی ل بووە لە پشتئاشان و ئەو کارەساتە خوقاوە کە نزیك بە ۷۰۰ پشمەرگەی شیوعی کوژراون (http://rhewal.com/sorani/?p=35205).
کەمك لەوەش واوەتر بین ئەتوانین بپرسین چنە ئستا کەس نە لەناو یەکتی و نە لە شونکی تر باسی تەوروەشاندنەکەی جەبار فەرمان و پلانەکەی نەوشیروان لەو کاتەدا ناکات لە دژی وریا؟! هەر ئەو کاتە و لە شاخ نەوشیروان چی بە مەلا بەختیار نەکرد؟ ئاشکراترین و دیارترین مەسەلە کە خوقاندنی کارەساتەکانی قناقا

و پشتئاشانە و تا ئێستا چەندین بەڵگە و بابەت لەسەریان بڵاوبۆتەوە کە بەسەرکردایەتی نەوشیروان ئەنجامدراوە. زۆر بەکورتی و لەزۆر شوێن تۆمارکراوە: کاتێک کە چەند دەزگایەکی کەم تێپەڕبوو بەسەر دەسکەوتنی یەکێتی و حزبی شیوعیدا لە ساڵی ١٩٨٣ دا، و لە یەکی ئایاردا هێزێکی پێشتەوپەرداخی یەکێتی کە وەک شایەتحاڵەکان ئەیگێڕنەوە لەبەرئەوەی یەکێتی دەسکەوتنی کردبوو لەگەڵ بەعسدا، داویانە بەسەر ئەو ناوچانەی کە بارەگاکانی حزبی شیوعی لێ بووە لە پشتئاشان و ئەو کارەساتە خوێقاوە کە نزیک بە ٧٠٠ پێشمەرگەی شیوعی کوژراون (http://rhewal.com/sorani/?p=35205)

هیچ کاتێک بە بەڵگەوە ئەم کارەساتە هەتنەکراوەتەوە و هیچ دادگایەکیش نە تاوانەکان و نە بڕیتاوانیەکانی نەسەلماندووە. بەڵام ئەوەتا ئەوانەی کە ئەو کات پێشمەرگە یاخود بەرپرسی سەربازی بوون بەمجۆرە ئەیگێڕنەوە. بەڵام وێنەکانی سورداشی سەرانی کوردایەتی، بە تاهەبانی و نەوشیروانیشەوە لەپاڵ عیزەت دوری و عەلی کیمیاییدا زۆرتر سەنگەکە بەلای دەسکەوتن و تاوانباریدا قورس ئەکەن.
ئیتر ئایا پێویست ئەکات زیاتریش لەمە بە مژووداڕبچینە خوارەوە و ئەو تۆمەتانەی کە تاهەبانی بە ئاشکرا و لە کۆنگرەی یەکێتیدا دایە پاڵ ''کاکە نەوە'' کە هەکارێک بووە و دەستی بووە لەوەی کەمپینی ئەنفالە بەدناوەکان لە کوردستاندا لەلایەن بەعسەوە بکرێ بەوەی کە پێشلەشکری بێ سوپای کۆماری ئیسلامی ئێران کردووە بێ سەر چاوە نەوتەکانی کەرکوک بهێنینەوە سەر مێزی باس؟ خێش ئەوەیە پاشخانی سیاسی ئەم سەرکردانەی بڕژوازی کورد یەک لە یەک پێ تۆمەت و تاوانتێرە و هەر خێشیان لاپەڕەکانی یەکتری هەڵئەدەنەوە. بەڵام جەخار کە، مارکس وتەنی، چونکە دادگاکان ئامڕازکن بێ پاساوهێنانەوە و یاسادانشتن بێ پیسی سیستم و یاساکانی خێیان، بەردکی گەورە ئەخرێتە سەر ئەو مەلەفە هەزار لاپەڕەییانە. کاتکیش مەرگ ئەیانباتەوە لەگەڵ خێیان تەواوی ئەو مەلەفە ئەبەنە ژێرگڵ.
بە وتنی کورتەیەک و ڕاستیەکەی لەم فرسەتەدا تەنها دەڕپک لە دەریای ڕاستیەکان، ئەبێ هەموو کەسک وادار بکات بیر لەوە بکاتەوە ئەم کاریزمایە و ئەم سەرکردەیە بێ کێ بووە و بێ کێیە؟ گەر ئامانج لەم کارنامە و ئاکتە سەربازی و سیاسیانە بێ بەدەستهێنانی دەسەڵاتی داراکان، خاوەن کشک و سەرمایە گەورەکان نەبووبێ بێ چی تر بووە؟ با بێک زیاتر وردبینەوە.

ئێستا گەر شاخ و پێچ و پەناکانی کە ئەو کات نە ئینتەرنێت و نە تەڵەکۆمەڵایەتیەکان بوونی هەبووە، لە دوو تۆی خێدا لاپەڕەکانی

ئەم مژووەی بۆ شاردرابۆتەوە، ئەی هاتنە شار و گرتنە دەستی دەسەڵاتی بزووتنەوەی کوردایەتی و بۆرژوازی کورد چی لە هەگبەکەیدا هەڵگرتووە؟ ئیتر ئەمە شتێك نییە کە بتوانرێ وا بە ئاسانی بشاردرێتەوە! من و هاوڕێکانم کە خەمان لە کێمیتەکانی ئاپەڕیندا ڕێکخستبوو، کە لەلایەن ڕێکخراوە چەپەکانی ئەو کاتەوە سازدرابوو، هاتینە سەرجادە و لە دژی بەعس ئاپەڕین و دەسپێشخەری پێکهێنانی شوراکانمان کرد. ئێمە بەو هێز و ئامادەییەوە کە هەمانبوو ویستمان پێش بە هاتنەوەی بەعس بگرین بەڵام دیار بوو کە نەمانتوانی و بە داخەوە لە هەوڵەر و لە کەرکوك و چەمچەماڵ و سنووری سلێمانی سەرەڕای ئەوەی هەندێ هاوڕێمان گیانیان لە دەستدا، بەعس بە کۆپتەر و هێزەکانیەوە هاتەوە ناوشارەکان. ڕێك لەو کاتەدا سەرانی کوردایەتی بە هەموو باڵەکانیەوە ماچکردنی لاملی سەدام و ژێمی بەعسیان لاپەسەندتر بوو. بۆچی؟ چونکە مردنی خەڵك لەڕێگا و لە برسێتیدا و لە سەرمای شاخەکاندا و تەنانەت لاقەکردنی ژنان و منداڵانێك لە لایەن کەسانی چەکبەدەستی کوردایەتەوە لەو دۆخی ئاوارەییەدا دەستمایەیەك بوو بۆ ئەم سەرانەی کوردایەتی کە داوای بەشکردنی سەرمایە و پوڵێك بکەن کە لە عێراقدا لە چەرخاندنداا بوو. لەگەڵ هەموو ئەمەشدا دوای ئەوە هەرچی بۆ خەستەخانەکان پێویست بوو، هەرچی کارەبا و وزەی ئەدا، هەرچی ئامێری گرنگ هەیە هەر بە پاتە لاسیکەکانیانەوە ئاودیویان کرد و کردیانە بەشێك لەو سەرمایەیەی کە ئێستا لە ئازاندنەوەی قیللاکانیاندا بەکاریئەهێنن. کەسی دووەمی یەکێتی ئەو کاتە کێ بوو؟

زۆر پێویست ئەکات ژنانی فیمینیست، کە قردەلەی ڕەشیان بۆ مەرگی ئەو سەرکردە خاکیە لە یەخەیان داوە و زۆریان پێ خۆشە وەك ''ئەندازیاری موچە بۆینەوە بۆ کابانو'' بیناسێنن بیریان بخەینەوە مەفرەزەکانی کوشتنی ژنان لە دوای ٩١ ەوە لە ژێر ناوی کوشتنی ژنانی موخابەرات و بەدئەخلاقدا کێ دروستی کردن؟ مەگەر بەسەرکایەتی ئەم سەرکردە پاتەلاسیك لە پێیانە نەبوو؟ گەر یەك تۆزقاڵ دڵسۆزی فیمینیزمەکەیان بن و لە مەئساتەکانی لەشفرۆشانێك کە بۆ بژێوی منداڵەکانیان ملیان بەو سوکایەتیەی بەعس دابوو، وە ئەوانەشیان کە هەروەك لە کتێبی (ئێقیانوسێك لە تاواندا) دان بەوەدا ئەنێن کە بەهۆی هەژاری و شتی جیاوازەوە کەمەڵك بەرپرسی ئەمنی و مەدەنی خزاندوویانەتە ناو بازاڕی لەشفرۆشیەوە بۆوانن، ئیتر ئەبێ دوای سەینەوەی فرمێسکەکانیان عارەقی شەرمەزاریش بکەنەوە.

ئۆپۆزسیۆن

لەگەڵ توندبوونەوەی چەق و بۆزاری و نەفرەتی خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێش لە دەسەڵاتی چەتەگەریی یەکێتی و پارتی و پەرەگرتنی بێبڕوایی بە سیاسەتەکانی ناسیۆنالیزمی کورد و حزبەکانی لە نێو خەڵکدا، تا ڕادەی ئەوەی بیر لە هەڵپەچانی دەسەڵاتی ئەم جووڵانەوەیە و حزبەکانی بکەنەوە، بزووتنەوەی گۆران وەك فریادەسڕك سەریهەڵدا. تا هەم ناسیۆنالیزم و دەسەڵاتی حزبەکانی ڕزگار بکات و هەم خۆی هەواس بەم نەفرەتەی خەڵکەوە و دواتر بە وەهمی چاکسازیەوە بیخاتەوە ژێر هەمان دەسەڵات و حکومەتەوە. بە دروست هاوڕێ خەسرەو سایە لە وتاری ''بزووتنەوەی گۆران چیمان پێ دەڵێت، ئاناتۆمی بەرژوا_ناسیۆنالیزم لە بەرگی چاکسازیدا، بەشی ١'' دا ئەڵێ: '' بزوتنەوەی گۆران و پێکهێنەرانی ئەم ڕەوتە کە پێشتر ڕۆلی سەرەکیان لەشکڕگرتن و هاتنەسەرکاری دەسەڵاتی ئیستادا هەبووە، بەو تایبەتمەندیەوە لەوانی تر جیا دەبنەوە کە لە خانەوادەی ناسیونالیزمی دەسەڵاتەوە داکەوتووە و پێی ناوەتە مەوقعی ئۆپۆزسیۆنکی ناڕازی و ڕەخنەگرەوە. ئەم شوێن گۆڕینەش بەناچار لەژێر کاریگەری ئاڵوگۆڕە کۆمەڵایەتی و چینایەتی و سیاسیەکاندا هەمان ڕەوتی ناسیونالیزمی تێقلیدی دوێنێی بەرگی ئەمڕۆی ڕیفۆرمخوازیەوە بەرجەستەکردەوە، تابتوانێ وەك حزبکی "جیاواز" و باڵکی تری بەرژوازی کورد، هێزی سنوری ڕواڵەتیانەی لەیزی حزبە بەرژوانالیستە تێقلیدیکان بکێشێ. بگومان ئامانجی سەرکیش لەم سنورکێشانەدا خۆهەڵخستنێتی لەبەردەم جوانوێی جاموێری و ناڕازی کوردستاندا و ڕاکێشانیانە بە ژێر ئاڵای باڵکی تری بەرژوازی کە بە زمانی چاکسازی و دیموکراسی و"گۆران"ەوە دەدوێ، تا تێجروبەی دەسەڵاتداریتی بەرژوازی کورد، لە لەدانی شۆشگۆڕانە بپارێزێ."

ئەو شتەی کە بە ناوی ئۆپۆزسیۆنەوە شکڵی پێدا هیچ نەبوو جگە لە هێشتنەوە و درێژەکێشانی دەسەڵاتی بەرژوا_ناسیۆنالیستی کورد کە لەسەر حسابی برسی و هەژارکردنی جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێش خۆی بنیاتناوە. ئۆپۆزسیۆنکی شکڵ پێدا کە دەستی ئیسلامیەکانی زیاتر گرت و هێنانیە ناو دەسەڵاتەوە. هەموو ئەمەشی بە ناوی پێژەی چاکسازیەوە گرت، چاکسازیەك کە دەستی ئیسلام و ئیسلامیزمی زیاتر کردەوە بەسەر سەری کۆمەڵگادا.
ئەوان خۆ کاریان گۆڕانکاریەك نەبوو. ببینن لەوکاتەوە چییان کردووە؟ ١٧ ی شوباتیان بە ئاژاوەگێڕی لە قەڵەمدا و کەچی دوایی

خەیان بە فرمێسکی دایکی گەرمیان و باوکی سورکەو و… هتدا هەواسی. ئەو کاتە کە دوای شۆڕشەکانی میسر و تونس خەڵکی کوردستانیش هاتبوونە مەیدان و بە شوێن ئاڵوگۆڕکەوە بوون، ئەو کاتەدا گۆران کارەکی کرد کە توانەیی خەڵک ڕوو بە ئاڵوگۆڕی شۆڕشگێرانە بگۆڕێت بە لانەوە و پاڵانەوەی بەردەمی دەسەڵاتی ناسیۆنالیزمەکی کورد کە کەوتبووە بەر قینی خەڵک. جەماوەری ناڕازی بە خۆشباوەڕی چاکسازی لە پەرلەمان و دەستاودەستکردنی دەسەڵات ساردکردەوە و بگرە لە هەر ئاڵوگۆڕکی شۆڕشگێرانە دووری خستنەوە.

ئەوە بوو دواتر و لە دوای بەناو هەڵبژاردنی ٢٠١٤ کە دەنگەکی زۆریان هێنا، چوونە دەسەڵاتەوە و ئیتر ئۆپۆزسیۆن بوو بە دەسەڵاتی بنکەفراوان. بەڵام دەسەڵاتێك کە بە شێوەیەکی واقعی لە جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێشەوە نەهاتبێتە دەرەوە و بەرژەوەندەیەکی چینایەتی تری هەبێ، خۆ ناتوانێ وەڵام بە قوتی خەڵک و شیری منداڵان و خانە بێ خەڵکی بێمەسکەن و بیمە بێ بێکاران و دابینکردنی ژیانی خانەنشینان و … هتد بداتەوە. دڵخی قەیراناوی کوردستان، کە دوای قەیرانی سەرمایەداری جیهانی هات، قەیرانی حکومەتی و دەسەڵاتی و ئیداری بە شوێندا هات و پێژەی ئاڵوگۆڕی دەستاودەستی دەسەڵات و حکومەتی بنکەفراوانیش وەك بڕقی ئاو تەقی. ئیتر باشە لەبەرامبەر شەقهەدانی پارتی لە پەرلەمان و نیشاندانی لولەی تفەنگ بۆ سەرکی پەرلەمان و پایمالکردنی هەرچی "موقەدەساتی پەرلەمانی و هەڵبژاردن" هەیە گۆران چی پێکرا و چی کرد؟ وە شەخسی نەوشیروان چی بکرا؟ ئەوەی کە هیچی بۆ نەکرا لەوەوە نییە کە پارتی و یەکێتی و دەسەڵاتی بڕژوازی کورد هیچی بەرامبەر ناکرێ، ئامانجی ئەوە نەبوو.
تەواوی گەمەی سیاسی گۆران و سەرکردەکەی یاریکردن بوو بە جگەوڵگای خەڵکی هەژار و هەژاریەکەیانەوە، درێژکردنەوەی تەمەنی دەسەڵاتی ناسیۆنالیزمی کورد وەك باڵکی بڕژوازی و وەڵامنەدانەوەی واقعی بە خواست و داواکانی خەڵك بوو. هێشتاش باسی ئەوە ئەکەن کە گوایە گۆران و سەرکردەکەی نوێنەری یاخود کارکەر بوون بۆ سۆکیولاریزم و ئازادی و ئازادی بیروڕا. خراپ نییە لێرەدا هەندێ شت بهێنینەوە یاد.

لەسەر ئازادی بیروڕا با باسکی ١٧ شوبات بکەین. من خۆم لە ئەنجومەنی سەرای ئازادی بووم. چەندەك وەك کەمێنیستەك کۆشەم لەگەڵ ئیسلامیە سەرسەختەکاندا هەبوو ئەوەندەش لەگەڵ هەسوڕاوە بەرچاوەکانی گۆراندا. ئاخر کابرای ئیسلامی بە ئاشکرا ئەیوت و

ئەیسەلماند کە لەگەڵ بڕچوون و پلانی ڕادیکاڵیانەی ئەمە کەمەنیستەکاندا نییە. گرووپەکانی ناخوازەکان نەیانئەویست ئەمە لە لێژنە بەرچاوەکاندا بین، حەزیان نەئەکرد ئەمە بەیان و ڕاگەیاندن و بەرنامەی داواکاریە هەنووکەیی و ستراتیژیەکان بنووسین. مینبەریان لە دەست ئەمە ئەفڕاند و ئەیاندا بە مەلا و ئیسلامیەکان. ئەوان بە ئاشکرا لەگەڵ هاوکێشانی نێوان ژنان و پیاوانی سەرای ئازادیدا بوون. وەزارەتی تر. ئێستا قسەکەم لەسەر هەڵسەنگاندنی خودی ١٧ ی شوبات نییە بگرە ئەمەوێ پرسیاری ئەوە لای خەڵك دروست بکەم کە ئاخۆ ئەم کارەی گرووپەکان ئەیکرد زەمینەیەك نزیکایەتی لەگەڵ ئازادیخوازی و سێکیولاریزمدا هەیە؟! مەگەر چ پێش ئەوە سەردانی سەرکردەکەیان بۆ مزگەوتەکان و کڕکردنەوەی مەلا و مێزەربەسەرەکان و تەنانەت پێستی سەرەکی دان بە هەڵسوڕاوە ئیسلامیەکان نەبوو؟ مەگەر چەمانەوە لەبەردەم ئیسلامیەکان و شێخ و مشایەخاکاندا و ماچکردنی قورئان و نیشاندانی ئەمەش لە میدیاکانیانەوە بۆ موقەدەسکردنی ئەو سەوابتە دینیانە نەبوو کە لای ئەوان موقەدەس و لای خەڵکی ئازادیخوازیش بێناوەڕۆك؟ ئایا پێداگری لە سەوابتی دینی و پەنجەگەورەبەرزکردنەوە بۆ مەلاکان و سەندنەوەی مینبەر لە سەرای ئازادی چ پەیوەندیەکی بە سێکیولاریزمەوە هەیە؟ مەگەر چاو لە ئەجێنداکانی مارتین لوثەری مەسیحیش بنوقێنین تاکوو ئەمەی کاکی سەرکردە بە سێکیولاریزم لە قەڵەم بدەین.

ئەمەی گرووپان و تاقانە سەرکردەکەی کردوویانە ڕۆك و ڕەوان کردنی هەژاری خەڵکی ستەمدیدە و بێکاری و نەداری خەڵکی و تەنانەت نەفرەتی خەڵکە لە دەسەڵات بە بارمتە و بوکەڵەی یاری دەستی دەسەڵاتی بۆرژوازی کورد. زۆری ناوێ تێبگەین لەوەی کە نەبوونی خواردن و شیر و دایبی منداڵانی جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێش و بێبەش بە هیچ جۆرێك پەیوەست نابێتەوە بە کێبڕوونەوەکانی سەرێڕەش و پیرمام و قەڵاچوالان و ڕێککەوتنەکانی ئەم هێزانەوە. نەوتی ڕەش و قەرز و دەعوا ساختەکانی دانا غاز و بردنی بەرهەمەکانی ئاسن و چیمەنتۆ و... ئەوانی تر مەسەلەی دانیشتەکانی ژووڕە داخراوەکانیان بووە نەك ژیان و بژێوی جەماوەری بێبەش.

کاریزما

کەسایەتیە سیاسیەکان ڕەنگدانەوە و زادەی ئەو بزووتنەوە کۆمەڵایەتی و سیاسیانەن کە لێیەوە سەریانهەڵداوە. لەسەرەوە نیشانمدا کە نەوشیروان سەربە بزووتنەوەی بۆرژوانالیزمی کورد بووە. بەڵام ئەو جادوە موگناتیسیەی ئەم کەسێتیە هەیبووە لە

چیدایە؟ ئایا پێشینی جلوبەرگێکی سادە و پاتە لاسیك ئێتنماتیکی ئەتوانێ مانای ئەوەی هەبێ کە ئەم کەستیە ئەبێ خۆشەویستی جەماوەری بەبەش بێ؟ ئاخر خۆ سەرك وەزیرانی فەرمانڕەوات و فەرمانڕەوا وەزیری فیسارە وەتیش بە پاسکیلەوە ئەچن بۆ دەوامی کارەکەیان. بەڵام لەولاوە کۆنتراکتی کۆمپانیایەك ئیمزائەکەن لەگەڵ کۆمپانیای فەرمانڕەوات کە سەر بە حەوزەی کاری هەرزانە و گەورەترین هێزی کار ئەچەوسێننەوە. بۆیاری بینینی بیمەکان و کەمکردنەوەی مافی خانەولانەو بەپارەکردنی خوێندن و کەمکردنەوەی بودجەی خەستەخانەکان... هتد ئیمزا ئەکەن. ئیتر خاکی بوون چ مانایەکی هەیە؟ نەوشیروان لەگەڵ کەسایەتیەکانی بەرژوازیدا جیاوازیەکەی ئەوە بووە کە بە جلوبەرگ و تەنانەت بە گرنگیدان بە پارە و سەروەت و سامان و کشك و هەبوونی پێژە خۆی دەرنەخستووە لەبەرئەوەی خۆی پێپلیستی (شەعبەوی) بووە. تەواوی جادوەکەش لەوەدایە کە بەوجۆرە چاوی کەسانێکی بەستووە کە سەرسام بوون پێی تا نەتوانن ڕاستی ئەوەی داکۆکی لە چ سیستمێك ئەکات ببینن. گەر ڕوو وەرگێڕانی ناڕەزایەتی و توڕەیی خەڵك بەرەو بڕتەی چاکسازی و دەستاودەستکردنی دەسەڵات وەك دەربازکردنی دەسەڵاتی بەرژوازی کورد لە شێش و ڕاپەڕینی جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێش نەبینرێت، یانی جادوی ئەم کاریزمایەی بەرژوازی گرتوویەتی. ئەو خەریکی ڕاپەڕاندنی ئەرکی سەرشانی خۆی بوو: لەلایەك بەرژوازی و وردەبەرژوازی ناڕازی لە دەسەڵاتی ڕەهای پارتی و یەکێتی کە ئیتر تەحەمولی ئەوەیان نەئەکرد بە تەنها بنەماڵەکان سەروەت و سامانی کۆمەڵگای کوردستان لوش بدەن، کۆبکەیتەوە و بەڕێنی پچڕینی پشك و سازدانی سیستمێکی وا کە بازاڕ بێ ''لیبراڵ بەرژواکان'' یش هەبێ کارێکی هەروا ئاسان نەبوو. پێشنیارەکانی لە جۆری بە نیشتمانی کردنی هێزی پێشمەرگە و بە موئەسەساتکردنی دەزگاکانی حکومەت و ... چی و چی کە بە ئاستەمیش خۆی لە جیاوازی چینایەتی و گۆڕینی ڕیشەکانی کۆمەڵگای کوردستان نەداوە، تەنها بۆ ئەوە بوو بازاڕێکی ئارام بۆ بەرژوازی کورد دابین بکات. لەپاڵ بوونی بەرژوازیەکی میلیشیایی خاوەن دەسەڵاتدا کە هەموو شتێك مافیایانە کۆنترۆڵ ئەکات، بۆ ئەو بەشە لە بەرژوازی کە ئەو لە پێشیانەوە بوو لە خەیاڵ زیاتر هیچی لێ سەوز نەبوو. لەلایەکی تریشەوە بۆ ئەوەی هێزێك بخاتە پشت خۆی و هێزهاوسەنگی نێوان خۆی و یەکێتی و پارتی بەرزبکاتەوە ئەبوا هەوڵی بەدەستهێنانی دەنگێکی زیاتر بدات. لەنێو زەرینەی کۆمەڵگادا بۆ ئەم هێز و دەنگە گەڵا، واتە لەناو کرێکار و زەحمەتکێش و خەڵکی نەبووی کوردستاندا. ئیتر خۆ ئەبوایە خۆی بە شوشەی شیری منانی ئەم چینە و عارەبانەی دەستگێڕەکان و پرچی سپی دایکانەکیەوە کە

هەکانیان بە دەستی یەکێتی و پارتی کوژرابوون هەبواس. کارێکی ئاسان نییە بتوانی جەماوەرێکی زۆر فریوی گەنکاری، ئەویش تەنها لەڕی چاکسازیەوە، بدەیت و لرفە و لورەی توەییەکەشیان بکەی بە تونێی سیستم و دەسەاتەکەی بەرژوازیدا، دەسەاتێك کە ئەمجارە خشی و ئەو توژە لە بەرژوازی نازیشی تیا بێ.

بەام حکومەتی بنکە فراوان پژە شکستخواردووەکەی ئەم بزووتنەوەیە بوو چونکە قەیرانکی ئابوری و سیاسی و حکومەتی و ئیداری کە بەرژوازی کوردی تکەوتووە ئەو ئەجندایەشی پچایەوە. ئستا هەموویان لەو قەیرانە سەراپاگیرەدا پەل ئەکوتن. بەرژوازی کورد یەکدەست نەبووە و نییە لەسەر چارەسەرکردنی کشەکان و وەامدانەوە بە مەسەلە ئابوری و سیاسیەکانی کوردستان. کوردستان بە کردەوە بووە بە بەشێك لە بازاێی جیهانی، بە تایبەتی بە هێی بوونی نەوت و سەرچاوە سروشتیەکانەوە. دیاریکردنی ئەم بازاەە لە دەستی بەرژوازی کوردا نییە. کوردستان وەك حەوزەیەکی هزی کاری هەرزان، حەوزەیەك و بازاەك بێ چەرخاندن و کەەکەی سەرمایەی جیهانی چاوی لێ ئەکرێ. بەرژوازی جیهانیش لەم ووە یەکدەست نییە چ جای بەرژوازی کورد. ئەمەی دواییان بە دەست خێی نییە پێی ئەخزننە ناو جەنگەکان و چەك پفرشتن و قەرزدارکردنی بانکی نودەوەتیەوە، ئەمیش ئەبێ هەموو ئەمانە بشکنتەوە بەسەر قوتی دەمی خەکدا.

هەربەیە دوای وەدەرنانی پەرلەمان و قوتربوونەوەی قەیرانی دەسەات لە کوردستان گەانیش پشنیار و گەچارەیەکی تری پێ نەبوو، باشترین گەکەوتنی دەباشان بوو لەگەێ هەر ئەو هزە نەیارەی دونیاندا کە پشتر زۆری نەمابوو ململانێی نوانیان بگاتە شەکی تری ناوخێ. بەدەنگی دواتری نەوشیروان و دەخاەتنەکردنی لە هاوکشە سیاسیەکان و تەنانەت جهشتنی کوردستان، لەو ''کاتە هەستیار''دا، وەك خیان ئەیەن، پەیوەندی نەبوو بە نەخشیەوە، بگرە بەبەدیلی و شکستی سیاسی و تەنانەت بنەومدیەك بوو کە بزووتنەوەکە دەمك بوو تیایدا کەوتبووە مەلە. بەخشینەوەی وەهمی هاتنەوەی ئەو گەمەکە ئەشەقنێ و موعجیزە ئەخوقنێ، بە ئەندازەی داستانەکانی زیوسی خواوەندی هزی گریکیەکان ئەفسانە دەرچوو.
ئەو کاریزما بوو بێ بزووتنەوەکەی خێ، بەرژواناسینالیزمی کورد. بەام کاریزمایەك کە تەنانەت لە خزانە چینایەتیەکەی خشیدا شکستی خوارد.

بۆئومەدکردنی خەڵك

لە دنیایەکدا کە جگەوەگای چینایەتی و مژووی کەسەکان لە ئەکرێ و کەسایەتی دەن کیشتیان لە دروست ئەکرێ بوونی خشخیاڵی خەڵك پێیان و هەتا هەوینەوەی ئەو خشخیاڵیەش ئەبێتە شتکی ئاساز. کاتك بە دەیان میدیا و نووسین و وتار و خوتبەی سیاسی و بەرنامەی سیاسی و... هتد ئامانجی چینایەتی کەسکیان، کە پشتر کەمکیم باسکرد، کردبێتە شتکی جیاوازتر و نەهێڕێ ئەوە ببینرێ و کاریان لەسەر بەلادابردنی ئەندشەی کەسەکان کردبێ، ئیتر نازناوی ''باوکی هەژاران'' و ''گاندی کورد'' و ''ماندێللای کورد '' و شتی تری لەم بابەتە ئاسایی دێتە بەرچاو. ئەژنشکان و بۆئومەدبوون لە دنیایەکدا کە دەوەکانی بارزانی و تاەبانی و چەك و تفەنگەکانیان هەژموونیان هەیە ئەبێتە نسیبی هەر ئەو خەکە هەژار و هەشووتە. ئاخر وکەشی مەسەلەکە وا بوو کە نەوشیروان بەرامبەر بەو دەوانە وەستابێوە. ئاخر ئەو پاەوانی بەرەنگاربوونەوەی ''دوژمنە خەیاڵیەکان'' بوو، وە هەر بە شون لەسەرکردنی خوددەی جەنگاوەرە پشینەییەکەی مەملەکەتەکەی خۆیەوە بوو. خراپ نییە جەماوەری بێبەشی خشخیاڵکراو دوای سینی فرمسکەکانیان چاوك بە ئەلبوم و کتبی ''موغامەرات ''ەکانی ئەو جەنگاوەرەدا بخشننەوە و لە خەونی وەهمەوە بگەنەوە بە بینینی دنیای واقع و استیەکان.

بڕژوازی هەمیشە بە شون دەمەزەردکردنەوەی وەهمەکانەوەیە و ئەیەوێ جەماوەری بێبەش لە نەشئەی سەرمەستبوونی تریاکە خەیاڵیەکاندا بن. لەپاێ ئەفیونەکانی تردا ئەفسانەسازی لە کاراکتەرە سیاسیەکانی سەر بە چینەکەی خۆیدا چەکی کارامەیە بە دەستیەوە تاکو کرکاران و جەماوەری بێبەش لە مەملەکەتی وەهم و خەیاەکاندا بهێتەوە و استی ەگای زگاربوونی چینایەتی خیان نەبینن. بەام بورجك کە خی لار بوو هەزاران ئەفسانەش ناتوانێ استی بکاتەوە.
بەهەرحاێ کردنی قسەی سیاسی و گرتنی ەخنەی سیاسی لە بزووتنەوەی گان و کەسایەتیە سەرەکیەکەی تەنها کاری ئستای کمنیستەکان نییە. لەپاێ ەخنەمان لە دەسەاتی یەکتی و پارتیدا هەمیشە گانیشمان داوەتە بەر ەخنە و ئەجندای ئەو بزووتنەوەیەمان خستەتە ژر پرسیارەوە. کەسانکی کە سەرکردایەتی ئەو ئەجندایەیان کردووە بەر هەمان ەخنەمان کەووتوون. پداگری ئستاشمان کمەك ئەکات بەوەی کمەگا وەك خی ببینین، چینەکان و ململانێی چینەکان و ئەوەی کەسەکان لە کوی خەباتی چینایەتیدا و لەپاێ چ

بەرژەوەندیەکی چینایەتیدا وەستاون ببینین.

ئێستاش کاتێك ئەم لاپەڕانە هەڵدراونەتەوە هێشتا لایەنەکانی بەرژوازی هەوڵی زیاتر گەورەکردنی کەسایەتی یەکەمی گیان ئەدەن. ئێستاش داتای واقعی موڵك و ماڵەکانی کە بۆ نەوەکانی و بزەەتنەوەکەی ئەمنێتەوە بە ڕوشنی و شەفافی (شەفافیەتێك کە گوێی خەڵکیان پێ کەڕ کردووە) لەبەردەستی کەسدا نییە. هێشتاش دادگایەکی شۆڕشگێڕانەی جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێش نەهاتۆتە بوون تاکو مەلەفی تاوانەکان و تۆوگلان لە کارەساتەکان و دەستبەسەراگرتنی سەروەتی کۆمەڵگا لەلایەن سەرانی بەرژوازی کوردەوە، بەم کەسایەتیەشەوە، یەکلایی بکاتەوە. ڕۆژێك هەر دێ کە وردودرشتی مەلەفەکانی ١٤ ی تەموز و قۆناقا و پشتئاشان و شەڕە ناوخۆییەکان و کوشتنی ڕۆژنامەنووسان و دەوڵەمەندبوونی سەرانی بەرژوازی لەسەر حسابی مردنی خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێش بە نەخشی و برستی و نەبوونی و بێکاری و هەژاری لێپێچینەوەیان لێ بکرێ و سزای خۆیان وەربگرن گەر مەرگیان نەکەوتە پێش ئەوە. ■

١٣ ی تەموز، ٢٠١٧

باجی جیانووسین: ئازموونی سەباح نەجدەر ... د.ئەحمەدی مەلا

شیعر لای سەباح رەنجدەر لە شیکلی جیهانێکدایە، کە نە سەرەتای دیارە نە کۆتایی، بەکو لە پەەی جوانیی، لە دەنگی نامۆ، لە بزاوتێک، لە ئاماژەیەک، لە ساتمەیەک، لە بیرەوەرییەک پێکهاتووە؛ لە کۆتاییدا، هەموو شتێک لای شاعیر دەبێتە ماددە و مایەی شیعر. رەنگە باس لەسەرەتایەك بکات، بەڵام سەرەتایەکی زەمەنی نییە، بەکو لە ئێستایەک پێکدێت، کە زەحمەتیشە دەستی بەسەردا بگرین. لە زمانی ئینجیلەوە ئەوە فێردەبین کە (لە سەرەتادا وشە هەبوو)، ئەگەر (وشە) مەبەست لە کردەی خەلق بێت، ئەوە بە (کردار)یش دەکرێت لێکبدرێتەوە, بەڵام لە ژێر زمانی شاعیر ئەوە دەخوێنینەوە کە (لە سەرەتادا تەنیا جوانیی هەبوو). جوانیی لای ڕۆمانسییەکان دونیایەکی

خەیاڵییە، دونیایەکی دووڕەدەستە, بەکو لە زڕباریشدا، ئاوەتەی مەرگیش دەبڕت. هەر ئەو جوانییەیە، دواتر رامبە بە (تاک) دەیچونێت.

لۆژیکی شیعر، لە سەر نالۆژیک بەندە، جیهانیئەم شاعیرە وەکو نارنجۆکێک هەپرووین بە هەپرووین بووە، هیچی بەسەر یەکەوە نەماوە، پارچەکانی جارێکی دی مەحاڵە پێکەوە گرێ بدرێنەوە، بەڵام هەر پارچەیەک خۆی لە خۆیدا پێکهاتەیەکی شیعرییە. ئەم جیهانە ئینسان تووشی گۆژبووین دەکات، ئەو گۆژبوونەی کە رامبە دەیویست دەستی بەسەردا بگرێت. ئایا ئەم کردەیە بە شیعر ئەنجام دەدرێت، ئایا شاعیر دەتوانێت ئەم جیهانە لەیەکترازاوە، لە یەکداماڵاوە جارێکی دی بداتەوە دەم یەک و وەک سەنعەتکارێک، هەوڵی ئەوە بدات برین و شوێنەواری ئەو ئازارانە بسڕێتەوە؟

شیعر دەستی لەسەر شانم دانا
گوتی لە دووڕەوە هاتووم و نەزرم لە خۆم گرتووە
نیشانەی زیندووکردنەوە بناسم

